ئەی شارەکەم!
کە بێ دەنگ بم،
هاوارێکم لە گەلوومدا خنکاندووە،
کە هاوار، کەم
بێدەنگیەکەم بەزاندووە.
"س.فەرشی"

# حەمە خان



من میوانێک زیا ترنیم
بنجێکم لە زستان تۆقیو
دنگێکم لە قورگ داماو.
جارێک دێم و
سەدان کەڕت دە ڕۆمەوە...
"مێدیا"

رۆژ لە هەرکۆلانێکی شار مانایەکی تایبەت بە خۆی هەبوو.هەموو کەس بە دەنگی کە لەشێر لە خەو ڕانەدەبوو، وشەی بەیانی باش لە سەر لێوی هەرکەس شیین نەدە بوو.
خۆرەتاو لە مێژ بوو کاکۆلی تەڕەغەی دەدڕوشاندەوە، بەڵام ناڵشکێنە باوێشکی دەدا و خەواڵوو بوو.
ماڵەکانی "پشت ماڵان" شەکەت و ماندوودیاربوون، وەک ئەوەی باری هەموو شار بە کۆڵی ئەوانەوە بێ.
ماڵی ئاغا سەید لە سەرقورنەی کۆڵانەکە بوو، دیوارێکی بە گڵ سۆاخ دراو، چاوە خانوە چکۆلانەکەی لە باوەش گرتبوو.
دەرگایێکی تەنەکەی شینی کاڵ بۆوە، زگی دیوارە کەی هەڵدڕیبوو. ماڵە بە قەوارە لادێیەکە، خۆی لەو کۆلانە شاردە بۆوە، وەک ئەوەی خەریکی گەمەی قەرە قەرێ لە گەڵ ماڵەکانی شار بێ. ماڵەکانی ئەو کۆڵانە، قتماغە بوون کە بە قۆڵی شارەوە ویشک هەڵاتبوون.

دەرگا شینە تەنەکەکە زاری کردەوە، هەوای کۆڵانەکە وەکوو جوانەگایەکی سەر شێت خۆی بە گەرووی حەوشەکەدا کرد، بۆنی هەناسەی ماڵەکە کۆڵانی داگرت. پیاوێکی کورتە باڵای خۆین شیرین بە ئەسپای هاتە دەرێ ، پاتۆڵێکی رەنگ خۆڵە مێشی کۆنی لە بەر دابوو، سێ چوار قەد شاڵی سەوزی خەیاری لە دە وری کەلەکەی هاڵاندبوو، بلوزێکی بۆری فرە گەورە ی سەربازی لە بەر دابوو، لە ژێرەوە کراسێکی دوگمەداری چرچ و لۆچی لە بەر دابوو کە رواڵەتی سنگ و زگی تێک دابوو. داوێنی "کۆتەعێراقەکەی" دەگەیشتە ئەژنوی و قۆڵە کانی وە کوو باڵی هە لۆ، لەشی کزو لاوازی لە باوەش دەگرت. دەم و چاوی خڕ و چکۆڵانە بوو، گلێنەی چاوی لە کوترە کێوی دە چوو، مەند و لە سەرەخۆ، تیشکێکی نادیاری تێ چزا بوو. چرچ ولۆچی ناوچاوانی تەمەنی راستەقینەی شاردبۆوە. لە هەموو گوناهی سەر ئەو زەویە بێبەری بوو،دەتکوت ویژدانی پاک وخاوێنی شارە کەیە! هەموو خەڵکی گەڕەک خۆشیان دە ویست. سەر لە بەیانی زوو دەچوو بۆ قۆرەکاری و بەنایی. ڕۆژ لەشی گرانی خۆی لە ئارقی ناو چاوانی ئەودا دەتواندەوە. وەکوو خەڵکی دیکە نانی شاڵە سەوزەکەی ونوشتەی سەر شانی نەدە خۆارد. ناڵشکێنە چاوێکی بە شەرم و خەواڵوی لە ئاغا سید کردوو سەری داخست. شارمووچرکێکی بە لەشی داهات و ئاغا سەید لە پەنا سێبەری دیواری کۆڵانەکەدا، بزر بوو.

شار نزگەرەی هەستانی دەدا، کە دەرگا شینە تەنەکەکە گورزو گومەت زاری کردەوە و باوێشکی دا و منداڵێک هاتە دەرەوە. تەمەنی خۆی لە یازدە دوازدە ساڵانە دەدا، خۆی لە جڵ و بەرگەکەیدا شاردبۆوە، وا تێکەڵ پێکەل و جۆرواجۆر بوو، "دەرزی" وڵاتی چینیش سەری لێ دەرنەدێناو پیکاسۆش رەنگەکانی بۆ لێک نەدەدراوە. سێ چوار کتێبی لە مشەمما پچراوی لە ژێر باخەڵی قایم راگرتبوو. روخساری منداڵانەی بە جۆرێک چاو و دەم و کەپۆی ئاغا سەیدی وەبیر دیناوە. بە پەلە خۆی خستە گەرووی کۆڵانە کەوە و هەرچەند بە زگی برسێوە رۆژی کردبۆوە، تیژ بۆی دەرچوو، دەتکووت لە مەدرە سە نانی بەیانیان بۆ حازر کرەوە، نەگاتێ، هەموو ڕۆژەکە برسێتی لە باوە شی دەگرێ.

خۆرەتاو تارایەکی زێڕینی بە سەر شاردا کێشابوو، سێبەری دیواری کۆڵانی پشت ماڵان وردە وردە دەخوشی و خۆی لەسەر زەوی هەڵدەخست و پان وبەرین دەبۆوە.
دەرگا شینە تەنەکەکە لە بەر تیشکی خۆردا رەنگی هەڵبزرکابوو، کاڵی دە نواند. سەیزادە دەرگای کردە وە وئاوەژووی کۆڵانەکە بوو. ژنێکی کورتە باڵا وچکۆلانە بوو، روخساری لە ژنی لادێی دە چوو، لەچکەیەکی کەسکی لە سەر نابوو، کراسێکی کوردی تەخت رەشی چیتی گوڵ وردی لە بەردابوو،هەر وەک ئاغا سەید پشتێنێکی سەوزی لە دەوری پشتی هاڵاندبوو، چارەکەیەکی بە سەرشانی دادابوو، پاتۆڵێکی پیاوانەی لە ژێر باخەڵی گرمۆڵە کردبوو.
ئەورۆ کاری زۆرە، دە بێ بچێ بۆ ماڵی حاجی رەحیم نان بکا، شیوو کوڵی ماڵەوەشی زۆرە،هەر بۆیە کۆڵانە دوورو درێژە کە بەرگەی شەقاوە خێراکانی سەیزادەی نەگرت و زوو مەفع بووە.

تیشکی خۆر خۆی لە دەرگا شینە تەنەکەکە هەڵدە سوێ و گەرمی داهێناوە، تەنەکەکە لە دوو سێ شوێن زگی داوە. بزمارە شمچەییەکان نوقمی تەنەکە و دارەکە بوون و بە زۆر تەنەکەکەیان بە چوار چێوە دارینەکەوە راگرتووە.
دەرگاکە جیڕیەکی لێ دێ و درزێکی دەکەوێتە ناوەوە وخێرا گەرمای کۆڵانەکە دخزیتە دیوی حەوشەی مالەکە و دستەمۆ دەبێ. سەرپنجەی دەستێک لێواری دەرگاکە دەگرێ و قامکەکانی دەخاتە مابینی لێوەکانی دەرگاکە، دەرگا بە نابەدڵی لیچی شۆردەبێ وزاری دەکاتەوە.

لە سووچی خۆارەوی دیواری بەرانبەری ماڵەکەوە، مێرووله ڕەشە چکۆڵانەکان دانە ، دانە دێنە دەرەوە. سەری مێرولەکان شیوە ی سەری ئینسانی مریخی دەدەن. خۆڵیکی نەرم و وردی بێژنگ کراو لە دەوری هێلانەکەیان کۆ بۆتەوە، دەڵێی قاوەتەکەی "ئەحمەدی مامۆستایە".
لە ناو دەمی مێرولەکەی هەرە پێشەوە شتێکی ئاسمانی و نەدیتراو ئەرژێتە سەر زەوی ومێرولەکە ڕێگا دەپێویَ، ئەوانەی دیکە یەک بە دوای یەک دا بە سەر ئەو خە تە کێشراو نادیارەدا بە ریز دەرۆن ، سەریان کە بە دەزووێکی ناسکەوە بە لەشیانەوە گریَ دراوە، دەڵنگێتەوە. ئەو مێرولە گچکانە 280 بەرابەری مرۆڤ خۆیان لە ژێر پرێشک و شەپۆلی رادیۆ ئاکتیودا رادەگرن. هیچ زیندەوەرێکی سەر ئەو زەوییە 40 بەرانبەری لەشی خۆی ناتوانیَ بار هەڵگریَ، مێرولە نەبیَ!

قەڵافەتێکی رەشي گەورە لە نێوراستی دەرگاکەوە خۆی کۆم دە کاتەوە، بۆ ماوەێک چوارچێوە کە دەکا بە دوو بە شە وە.
گۆچانە دار بە لاڵووکەکەی لە بەر دەرگا دەچەقێنیَ و بە قاچی راستی خۆی دخزێنتە نا و کۆلانەکەوە. لەشی کە هەتا ئێستا قەفی خۆاردبۆوە راست دەکاتەوە، وەک چنار لە بەر دەرگاکە شین دەبیَ. هەتا خۆدا حەز بکا باڵا بەرزە، ئەگەر لە ئەمریکا بایە، دەیانکردە ئەندامی تیمی بە سکتبالی ئە و وولاتە.
کەواو پاتۆڵێکی کۆنی مۆرادخانی شێوەی زووی لە بەر دابوو،رەنگی وەکوو سەرەکۆڵەوەژی متبەق، بست بە بست دەگۆڕا،پشێنی نەبەستبو، لە قەڵشتی پزووی پاتۆڵەکەیەوە لە پێشەوە، بە قەرا دوو قامک دۆخینکەی دیاربوو، دەتکوت پلێتەی چرای گرسۆزە کە لە نەوتدا خووساوە. کەوشێکی جیری لاستێک وەکوو چەقە بە هەر دوو لاقییەوە نووسابوو.دوو قۆڵی لاوازو کزی وەکوو دەستکی تورمپای قەدیم بە شانیەوە هەڵواسرابوو.
ناو چاوانی پان بوو، چاوەکانی دوو برۆی رەشی ئەستووری بریقەدار داپۆشیبوو، دەتکوت رۆنی زەنگی تێهەڵسووە، لووتی قەڵەمی بوو، شێوەی هەڵۆیەکی دەدا کە لە بەرزا بیەوە بەرەو خۆار بینی کێشابیَ، قنجە سمێلێکی خۆارو خێچ لە ژێر لووتی شین ببوو. لێوە ویشک هەڵاتۆکانی خۆیان لە سەر روخساری تاقەت کردبوو، گلێنەی چاوەکانی پێکەنینێکی مردووی تیَ چزا بوو.هەموو وردەکارییەکانی لەشی ئەو ئینسانە، پەیکەرێکی پێک هێنا بوو، سرنج راکیش و جێی پرسیار!

زنجیرەی مێروڵەکان لە قەراخ دیوارەکە، لە ژێر خۆرەتاو، وەکو لۆچێک زنگیانەی بریقە دارری رەش خۆیان دەنوواند.
ئەو مێرولانە سەر و ژێری زەویان بە هی خۆیان دەزانی.
پیاوەکەی بەر دەرگا شینە تەنەکەکە،بۆ ماوە ی چاوتروکانیَ زەینی چوو سەر قە تارە مێرولەکان.
نێوی حەمەخان بوو. لە تەواوی شار تەنیا ئەو نێوەیان دەزانی و هیچی تر، تارماییەکی رەنگ خۆلەمێشی بوو لە ناو تابلۆی شاردا. نامۆێکی ئاشناو، ئاشنایەکی نامۆ!
ئەگەر لێت پرسیبا حەمەخان چۆنی؟
مووچرکێکی بە لەشی دا دەهات و پێکەنینێکی ویشک هەڵاتوو بە سەر رۆخساریدا دەخۆشی و زوو هەڵ دەوەری، یەک دوو وەشەی قرتاو لە مابینی لێوە ویشک هەڵاتۆکانییەوە، دەپرژانە دەروە. دەنگەکە لە حەوا دەتواوە، هیچ حالی نەدەبوی، بەڵام بە دڵ گوێت دابایە :"دیکووت،باشم،خۆدات لیَ رازی بیَ."
حەمەخان هێندە بە ئارامی و لە سەرەخۆ دەجوولاوە، هەستت نەدەکرد زیندووە، دەتکوت لە ناو دەمی شتێکی ئاسمانی و نەدیتراو، دەرژێتە سەر زەوی و رچەشکینی رێگایەکی دوورە و دەیەویَ قەتار ببەستیَ. هەر وەکوو سیبەری دیوارەکان، وردە وردە خۆی بە سەر ئەرزیدا دەخشاند، شێوەیەک لە رۆیشتن کە بە هیچ جۆریک ، مرۆڤ ناتوانیَ بە سەریدا هەڵبلیَ.
سێبەرەکەی هەتا ماوەیەکی زۆر لە سەر دەرگا شینە تەنەکەکە دەماوە، هەتا سیبەری دەکەوتە سەرزەوی، ماوەیەکی زۆر دەخایاند.
دەیجا باشە ئەو پیاوە بەو حاڵە بۆ کویَ دەچیَ و ئەو رێگایەی بەرەو کام منزل گرتۆتە بەر؟ کەنگیَ دەگاتە شوێنی خۆی.
لە کابرایەکی بەروپشت ئەتڵەس دەچوو.
گۆچانە دار بە لاڵوکەکەی ، نووکی لە تۆقی سەری ئەرزی دەداو تەقەیەکی بە حالی لێوە دەهات، گۆچانەکە چاو بزی دە کردە هەر دوو قاچی حەمەخان.
موسا گوتی:
*" ئەمە عاساکەمە، وە بەرپشتی خۆی دە دم و گە ڵای پیَ دادەورێنم بۆ رانەکەم، چەند ئیشی دیشی پێدەکەم.*

هەتا دەگیشتە ناوەراستی شاری، بانگی نێوەرۆی دەدا، خەڵکی دووکان و بازاریان دادەخست و دەگەڕانەوە بۆ ماڵ بۆ خواردنی نانی نیوەرۆ. ئاغا سەید و هەموو ئەوانەی وەک ئەو وابوون، هەر لە سەر کار پاروە نانێکان دەخۆارد و دیسانەوە پاڵیان بە تگەری زەلامی زەمانەوە دەناوو رۆژیان دەبردە سەر.
ئێستا شارە مێرولەکەی داوێنی دیواری کۆڵانەکە لە "بازا ری قەباغکەندی" دەچوو، هەر مێرولە بوو بە بار و بەندیلەوە لە هات و چۆ دابوو، یەک قەرە باڵغ بوو، بی وێنە،هێندێک لە مێرولەکان یەک دوو دەور بە دەوری خۆیاندا دەسووڕانە و رێگایان دەگەرتە بەر، دەتکوت لە بەر ئەو خۆرە تاوە جەزم بوون و حەی یا حوو دەکەن.

حەمەخان بەو حاڵەیەوە هەموو شاری دەپێوا،هەر وەکوو موختاری ئەو شارە خنجیلانەیە ،هەموو رۆژێک دەبووایە، شار بە سەر کاتەوە.
هەر کاتێکی رۆژ مرۆڤ چووبایەتە ناو شاری ، لە شوێنێک و لە جێگایەک چاووی بە حەمەخان دەکەوت.نە کاری دە کرد، نە سواڵی دەکرد، نە کەسیش خێری پێ دەکرد.
حەمەخان لە ماڵی ئاغاسەید و سەیزادە حاوا بۆوە، لە گەڵ ئەو ئینسانە متفرکانەدا ،گلی خۆاردبوو و سیبەری لە گەڵ ئەوان تێکەڵ ببوو.
وەکوو پەپوولە دەژیا.

ئیستا سەمای خۆرە تاو و سیبەرەکان لە سەر ئەرز و دیواری کۆلانەکانی شار گتشتبووە کۆتایی. خۆڵە وردە نەرمە بێژنگ کراوە کەی دەوری هێلانە ی مێرولەکان رەنگی خەنەی بە خۆیەوە گرت بوو. یەک دوو مێرولە شوێنەوارەکە دسترنەوە و رۆژئاوایی دەکەن و بە رەو زاری هێلانەکە شۆر دەبنەوە.
حەمەخان لە سەر کۆلانەکە شین دەبێ و چیرۆکەکە لە سەرەخۆ، بە ئەسپای و بە نەزم و ئاهەنگێکی تایبەت بە خۆ درێژی دە بێ. لە مێژە دەرگا شینە تەنەکەکە، چاوەرێی حەمەخان و گۆچانە دار بەلاڵووکەکە دەکا.

***

شەو لە مێژبوو،هەموو رووناکی ڕۆژی هەڵلووشیبوو، لە دەوری ئاسمان قەفی خۆاردبوو و فرمانرەوایی دە کرد. ئەستێرە کان لە ئاسمان پاڵ و پەستێیان دەکرد و بە پەرۆشەوە چاویان دەتروکاند. مانگ لە نێو تاریکی شەو لە ئاسمان جۆلانەی دەکرد و خۆی رادەژاند.
ئە ستیرە کۆژراوەکان بەرە و شۆنێکی نادیارتیژ تێدەپەرن. بێدەنگییەکی خەست خۆی لە هەموو کوچە وکۆلانەکانی شار مات داوە و بەدفەرانە چاوەرێی قەومانی شتێک دەکا. دەرگا شینە تەنەکەکە، کە گەرمای ڕۆژ بە تەواوی گنخاندویەتی، بە ئاستەم دەکرێتەوە، سەیزادە دێتە دەرەوە، رەنگی سپی هەڵگەراوی تێکەڵ رەنگی رەشی خەستی شەو دەبێ. ترسێک کە ئاویتەی چاوەکانی بووە ، لە شەقەی باڵی دەدا و سەیزادە بەرەو دەرگای بەرانبەری ماڵەکەیان دەبا.
دەستی گرمۆڵە دەکا و هەر وەکوو بەردێک بە دەرگاکەی دادەدا.
کورێکی جحێلی 16 ساڵانەلە کەلێنی دەرگاکەوە چاوی دبرێتە دیوی کۆلانەکە و بە ئەسپایی دەرگا تەختەکە دەکاتەوە ، لە گەڵ ئەوەی چاوی بە سەیزادە دەکەوێ، دەرگاکە بە تەواوی دەخاتە سەرگازی پشت. سەیزادە بە جارێک شڵەژابوو کاتێ کوتی.
میرزا گیان ببورە ،بەو نیوەشەوە، وەخەبەرم هێنای.
قە یدێ ناکا ، سەیزادەگیان،چی بووە؟
سەیزادە بە زۆر پێشی کوڵی گریانی خۆی گرتو کوتی:
"حەمەخان ئەو شەو ئەمری خۆدای کردوە، تەرمەکەی لە ماڵەوە بە دەستمانەوە ماوەتەوە. ئا غاسەید ناردومێ لای تۆ بەڵکوو کارێک بکە ی. دەڵێ:" میرزا بە رۆحمە،بە هاوارمانەوە دێ."
میرزا موچرکێکی بە لەشی داهات و سارد بۆوە، پێیوابوو لەو شەوەد ابۆتە پیاوێکی گەورە وبە دەستەڵات،خەڵک راو تەکبیری پی دەکەن، خەمێکی نادیار خۆی بە گەرووی داکردو چوو ناو لەشییەوە. بە دنگێکی گرەوە، کە وەک درزیلە بە تۆقی سەری بێدەنگی شەودا دەچو کوتی.
ئاخ بۆ حەمەخان، باشە سەیزادە گیانە هەرئیستا خۆم پۆشتە دەکەم ودێم.

میرزا کە هاتە ژوورەوە، دیتی،حەمەخان وەکوو چنارێکی لە ریشە هەڵکەندراو لە سەرئەرزی راکشاوە.
ئاغاسەید خۆی گرمۆڵە کردووە لە سەری قوران دەخوێنێ. ئایەتەکەی تەواوو کردو، رووی کردە میرزا و
کوتی: بۆ بێ بەختی زەمانە، حەمەخانیشمان لە دەست چوو، کەس نەیزانی دەردی چییە و لە کوێوە هاتووە، ئەو هەموو ئازارە بۆ لە و ئینسانەدا کۆ دەبێتەوە. سەیزادە و کوڕەکەی لە بەرخۆیانەوە، بەو قسانە دەگریان. میرزا هەموو مێشکی ببووە، یەک وشە "حەمە خان" هیچ وشەیەکی دیکەی بۆ ساغ نەدەبۆوە، یەکەم جاری بوو، خۆی دەخستە گۆمی ئاوا قووڵ و بێ بن و سێحراووییەوە.
سەیزادە بە گریانە وە دەڵێ:
ماڵەکەم خانەقای ئەو پیاوە بەستزمانە ، بێ دەرەتانە بوو، بە قەرا مێرولەیەک ئازاری بۆ کەس نەبوو، حەمەخان، ئەی خانی بێ خان و مانان، ئەی باوکە بێ کەس و کارەکەم، ئەی پەرەسڵێرکەی ناو خێزانەکەمان.
میرزا خاو ببۆوە، فرمێسکێک بە چاویدا دێتە خوارێ، لە سەر رووومەتی هەڵ دەخلیسکێ و شوێنەواری لە سەر داهاتووی ئە و ئینسانە دادەنێ.هەتا ئیستا مردووی لە نزیکەوە بە چاوی خۆی نە دیتبوو، بە تایبەت مردووی زیندوو، زیندووی مردوو!
ئا غا سەیدە دەڵێ:
چوومە مزگەوتی بازار،بەشکو ئەو شەو لە مزگەوت بمێنێ و سبێنێ بینێژین. مجێورەکە رازی نەبوو، ماڵی خۆداشمان لێ قەدغەیە، بە مردوویش شەوێک تێدا بە حەسێینەوە. لە هیچ جێگایێکی ئەو دوونیایە مردوو بە شەو نانێژن، تەنانەت

کافری کافرستانیش کاری وا ناکا. بەڵام لەو شارە خۆدا غەزب لێ گرتووە، تووشی هەموو شتیکی ناحە ز و نائاکاری دەبین، خۆدا بۆ خۆی هەڵی نەگرێ، ئەو هەموو زووڵمە.
ئەو وشانە هەموو کەلێن و قوژبنی مێشکی ئەو لاوەی پڕ دەکردەوە. هەتا ئەو کاتە نیدەزانی ئەو پیاوە چکۆلانەیە ئەوندە ژیر و قسە زانە. سکاڵاکە ی وەکوو پیاوێکی لێ هاتوو و کارزان دەچوو.
میرزا کوتی:
خە م مەخۆ، ئاغا سید ئیستا دەچم، سەید مەحموود بانگ دەکەم و بە تاکسی بارەکەی دیبینە سەر قەبران.
میرزا ئەوەی کوتو وەدەرکەوت. ئاغا سەید بە چاو هەتا دەرەوە بە رێی کردو روو ی لە سیزادە کردو ووتی:
میرزا بە رۆحمەوئاقڵە ڕێگاێکمان بۆ دەدۆزێتەوە.

***

دوو چرا گە ورە سپییەکی تاکسی بارەکە، تاریکی خەستی شەوی دەشڵە ژاند، دەتکوت تۆزێکی سپی بە سەر دڵی رەشی شەودا دە کا. تۆزی مەرگ!    چاوە بە قوول داچووکانی سەید مەحمود، چقیبوونە چەقی ڕێگاکەوە و لەشی کزو لاوازی خۆی بە فەرمانی ماشینەکەوە هەڵواسیبوو،کوتی:
حەمەخان دەتکوت مەلایکەتە و خۆدا ناردوویەتی بۆ سەرئەرز. ئەرێ ئاغا سەید قەت باسی خۆی لە لای ئێوە دەکرد؟
ئاغا سەید: سەید مەحمود گیان لە دەرەوە چۆنت دیبوو، لە ماڵەشەوە هەر وا بوو، وەکوو بەردی حەجەرول ئەسوە دی لێ هاتببوو،هەموو ڕۆژێک زیارتمان دەکرد ودەنگی لێوە نەدەهات.
سەید مە حمود: ئاغا سەید بە راستی دڵێکی گەورەت هەیە، کە ئەو ئینسانە مەزلوومەت لە ماڵی خۆت پەنا دابوو،لەو شەوە وە منیش مۆریدی تۆم.
ئاغا سەید: من بۆ خۆم مۆریدی حەقتەعالام.

***

رووناکی مانگ وەک پۆپشمینەیەکی ناسک لەشی حەمەخانی داپۆشیبوو. شار بە وێنەی گۆرپەیەکی زەرد و گەورە لە تاریکیدا خۆی مات دابوو وچاوەکانی بریقەی دەداوە، ناڵشکینە هەنیسکی دەداو، بۆغزێکی تاڵ گەرووی گرتبوو، ئەو خەمەی بۆ قوت نەدەدرا.هەموو ئەستێرەکانی ئاسمان چاویان لە یەک دەتروکاند، ئەو ئە ستێرانەی خزمایێتیان لە گەڵ یەکتردا هەبوو،وێنەی سەیرو سەمەرەیان لە خۆیان دەردێنا.

تەرمی حەمەخان لەو ناوەدا،چوار چێوەی ئەرزو ئاسمانی کردبوو بە دوو بەشەوە......

لە شارە کەی داوێنی چیای دەماوەند، شاعێرێکی غەریب ئەو شێعرەی دەهۆندەوە...
گوڵم! دڵم پڕە لە دە ردوکوڵ
دە ڵێم بڕۆم لە شارە کەت.....

سولەیمان فەرشی        ساڵی 2006

**پەراوێز**

| | |
|---|---|
| دەرزی | بەرگ دروو، خەیات |
| موسا کوتی | " جزمی شازدەهەم" تەها"20" لاپەرەی 313 قورئانی هەژار |
| کۆتی عێراقی | کۆتی کۆنی ئوروپا بوون کە لە  رێگای عیراقەوە دەهێندرانە رۆژ هەڵاتی کوردستان. |
| مێدیا | شاعیرونوسەرێکی دەست رەنگینی ئەو سەردەمەی شاری بۆکان و کوردستانە |
| پشت مالان | بەو ماڵانە دەکوترا، کە لە پشت ماڵەکانی شەقامی سەقز دروست کرابوون، نزیک زاخەکان و قەبری جولەکەکان، نزیک قولە. زۆربەیان مالی فەقیر و هەژاربوون کە ئاوارەی شار ببوون. |
| ئەحمەدی مامۆستا | پیاوێکی قسە خۆش و لە بەردڵانی شارە نازدارەکەی بۆکان بوو، شەربەتی مێوژە رەشەی  دەفرۆشت و لە گەل ئەوە شدا قاوتی لە گۆڵە پێغمبەرە درووست دە کرد. قاوتەکەی زۆر بە ناو بانگ بوو، لەوە شیرنتر شێعرە کوردییەکانی بوو، کە بە دەنگێکی خۆش لە ناو شەقامەکاندا دەیخوویندەوە. دەستپێکی شیعرەکانی و جاڕدان بۆ شەربەتەکەی یا کەریم یا ئەڵا بوو. ئەحمەدی مامۆستا یەکێک لە شەیدایانی شیعری کوردی بوو، دووکانەکەی لە قەپانی قاسم ئاغا مەکۆی لایەنگرانی شیعر و ئەدەبی کوردی بوو، هەموو رۆژێک ئێواران کۆمەڵێک لە هونەرمەندانی شارەکە بۆ خواردنی قاوت و لە راستیدا بۆ مەجلسی شیعرەکانی دەبوونە میوانی. ئەحمەدی مامۆستا یەکەم هونەرمەندی شاری بۆکان بوو کە لە رێگای گەڕان بە ناو شەقامەکانی شاردا، لە سەردەمی یاساخبوونی شیعری کوردیدا، شیعری دەبردە ناو خەڵکەوە، یادی بەرز و پیرۆز بێ. |
| گوڵم.... | شیعری کاکە سوار (سوارەی ئیلخانی زادە) |